
www.kurdistannet.org
15-8-02 00:02:06

# ئیستراتیژی خوێن

## لەبارەی مەفهومی" ئەمنیەتی ئیسرائیل" ەوە

خەسرەو سایە



یەکیك لەو ئەنجامانەی کە لە کۆبوونەوەکانی واشتنتنی ئەم دوایانەی نیوان وەفدی فەلەستینیو حکومەتی ئەمریکادا کەوتەوە، ریکەوتن بوو لەسەر ئەوەی کە دەزاگای ئەمنی فەلەستینی لەژیر چاودیری دەزگای ئەمنیو مخابەراتی میسریو ئەردەنیو ئیسرائیلیو ئەمریکاییدا پەروەردەبکرین، بەجۆریك کەوەلام بەنیازە ئەمنییەکانی حکومەتی ئیسرائیل بداتەوە.

ئەگەرچی ئەم ئەنجامە لەلایەن یاسر عەرەفات و نوینەرانی حکومەتی شارۆنەوە بە ئیجابی وەرگیرا، بەلام بۆ هەریەکەیان مەدلولاتی سیاسی وستراتیژی خۆی هەیە.

ئەمە ئەگەر بۆ یاسر عەرفات ودەسەلاتەکەی نیشانەی تەنازولاتیکی تری سیاسیبیت لەچوارچیوەی ئیصلاحاتیکدا کە ئەمریکاو ئیسرائیل بەسەریاندا دایان سەپاندووە، ئەوا بۆ شارۆن بەمانای هەنگاو نانیکە بەرەو جیبەجیکردنی ئیستراتیژیەك کە چارەنوس و لەسەر پیڕاوەستانی حکومەتەکەی پیوە بەستراوە.

هاتنە سەرکاری حکومەتی شارۆن پیویستییەکی بالی راستی بۆرژوازی ئیسرائیلی بوو بۆ بەدیهینانی"ئارەزووی خوین رشتن" و تۆلەسەندنەوە لەفەلەستینییەکان، بۆئەمەش"ئەمنیەتی ئیسرائیل" کرایە پەرچەمیك بۆ بردنەپیشەوەی ئیستراتیژییەکی خویناوی تامەرامە سیاسییەکانی بۆرژوازی و چینی دەسەلاتدار لە ئیسرائیلدا، لەدەورەیەکدا کەرووداوەکانی دوای 11ی سیپتمبەر هینایەکایەوە بەدی بهینی.

سەرەتا، مەفهوومی" ئەمنیەتی ئیسرائیل" مانای دابینکردنی ئاسایشی بۆ کۆمەلگای ئیسرائیلی بەبەرداکرا، دواتر بەسترایەوە بە پاراستنی گیانی هاوولاتییانی مەدەنی ئیسرائیل لەکردەوە تیرۆریستی وخۆکوژییەکانی دەستەو تاقمی ئیسلامی وپاشان بووە شیعاریك بۆ وەدەرنانی حەماس وجیهاد و ئەولایەنانەی کە پیشبینی ملکەچبوونیان بۆ سیاسەتی ئیسرائیل لیناکری، ئیستاش گوردراوە بەلابردنی سەرۆکایەتی عەرەفات و"ئیصلاحاتە ئەمنییەکان" لە دەسەلاتی فەلەستینییەکاندا. بەلام ئایا هەموو ئەم سیناریویانە، دەتوانی لەگەل"مافی پاراستنی ئارامی و ئاسایش بۆ هاوولاتیانی مەدەنی ئیسرائیل" دا بیتەوە؟ ئایا ئیستراتیژییەك کەبەدەست حکومەتەکەی شارۆنەوە گیراوە لە جەوهەردا بۆ تەئمینی ئەمنیەتی کۆمەلگای ئیسرائیلە لەمەترسییەکانی تیرۆریزم و کوشتاریك کە هەر رۆژە دەستی هەرەشە هەلدەبری؟

هیچ شتیك لەوە درۆتر و دژی ئینسانی ترنییە کە ئەمنیەتی وولاتیك لەریگای لەخوین هەلکیشانی خەلکی بیدیفاع و کەم دەستی وولاتیکی ترەوە مسۆگەر بکری. کارنامەی چەند مانگی رابردووی حکومەتەکەی شارۆن ئیستراتیژییەکی خویناوی ئاشکرادەکات، کەنە پەیوەندی بە ئەمنیەتی خەلکی ئیسرائیل و هاو وولاتیانەوە هەیە وەنە بەپیویست وەدەرنانی ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی لەسەر شانۆی کیشمەکیشی نیوان فەلەستینی و ئیسرائیل لەخۆدەگری. حکومەتی شارۆن کەمنالانی فەلەستینی لەباوەشی دایکیاندا بەزیندوویی دەکاتە ژیر خۆلەوە و لاوان لەسەر ریگای مەدرەسەکانیان دەگری ودەکوژی، موحاسەرەی ناوچە مەدەنییەکانی فەلەستین دەداو ریگای هاتووچو لە هاوولاتیانی مەدەنی دەبەستی، وە لەمانەش زیاتر سیاسەتی کۆلۆنیالیزەکردنەوەی ناوچە فەلەستینییەکان ومیلیتاریزەکردنی ژیانی رۆژانەی خەلکی، تا بۆردومانکردنی ئوردوگای ئاوارەکان و رووخاندنی مال و مەدرەسەو نەخۆشخانە و شوینی کاری پیشەواران وبەدیل گرتنی هەزاران کەس پەیرەو



www.kurdistannet.org

دەكات وهاووولاتیانی فەلەستینی دەكاتە نیشانەیەك لەبەردەم رەحمەتی قەناسەی سەربازی ئیسرائیلی و بۆردومانی"ئەباشی"دا. . هەموو ئەمانە نیشان دەدات كەحكومەتی شارۆن چەندە بەدلنیاییەوە ئارەزووی خوین رشتن و بردنە پیشەوەی ئیستراتیژی خوینە بەخاتری ئامانجیكی سیاسی كە هیچ پەیوەندیكی بە ئەمنیەت وپاراستنی گیانی هاوو لاتیانی ئیسرائیلەوە نییە. بگرە بەپیچەوانەوە ئەم كارنامەیە زۆرتر دەستی ئیسلامی سیاسی و گرووپەكانی ئاوەلاكردووە كە بۆ تیرۆریزمی كویرانە لەدژی خەلكی مەدەنی ئیسرائیل، چالاك تر ببنەوە و قەسابخانەی خۆیان هەلخەن، تەنانەت بەو رادەیەی كەدانانی"دیواری سوور" و جیاكردنەوەی ناوچەكانی فەلەستین لە ئیسرائیل بەهیلی تەلدركاوی و دانانی"خالەكانی حەراسەت" و بەم جۆرەش تەقسیمكردنی ناوچەكانی فەلەستین بەچەند"كانتۆنی ئەمنی" یەوە، نەیتوانی ریگە لەروودانی ئەم تیرۆریزمە بگری. بەلام ئەو ئیستراتیژییە چییەكە شارۆن ئەم هەموو خوینەی بۆ دەریژی؟

رووداوەكانی 11ی سیپتەمبەر و داواتریش چرا هەلكردنی ئەمریكا بۆ حكومەتی شارون، كیشەی فەلەستین ووەزعیەتی ناوچەكەی بردە نیوان دوو جەمسەری تیرۆریستی دەولەتیو نادەولەتییەوە، لەجەمسەریكدا ئیسلامی سیاسیو گروپەكانی راوەستاوە، كەبەهۆی بیئاسۆییو بیچارەیییەك كەناسیونالیزمی فەلەسەتینی تیی كەوتووە، سوواری شەپۆلی نارەزایەتیو حەرەكەتی هەقخوازانەی خەلكی فەلەستین بۆ رزگاری لەژیردەستەیی بوون و بۆ هەستانەوەی تای تەرازوی داشكاویان بەدوای شكستی تالیبان لە ئەفغانستاندا، مەسەلەی فەلەستینیان كردە وەسیلەیەك تا بوعدیكی ئەم سیاسەتەی پی بەدیبهینن. لەجەمسەرەكەی تردا دەولەتی ئیسرائیل و حكومەتی شارۆن وستاوە كە ئامانجی چارەسەری كیشەی فەلەستینی لەریگای دانوسان و پرۆسەی ئاشتی كردنی نیوان فەلەستینەكان وحكومەتی ئیسرائیلەوە كۆتایی پیهیناو دەرگای قوناغایكی خویناوی و زەبرو زەنگ نواندنی لە هەردوو لاوە خستە سەرپشت. رووداوەكانی 11ی سیپتەمبەر فرسەتی دابە بالی راستی بۆرژوا فاشیتی– مەزهەبی ئیسرائیل تا حكومەتەكەی لەیەك دەورەی تەعەروزیدا ببینیتەوە و فایلی چارەسەر كردنی كیشەی فەلەستین لەریگای دانوسان و پرۆسەی ئاشتییەوە ببەستیت. شكستی حیزبی كاری ئیسرائیلی لەدەسەلاتدا و هاتنەسەر كاری شارون خۆی نیشانەی وەرگرتنی فرسیكی ئالتونی بوو بۆرژوازی ئیسرائیلی كە بەشیوەیەكی درندانە لە چارەسەری كیشەی فەلەستین بروانی و بەئیستراتیژییەكی ترەوە بیتەمەیدانەوە. ئیستراتیژییەك كەیەكەم هەنگاوەكانی بە دووبارە داگیركردنەوەی ناوچەكانی فەلەستین بەبەهانەی وەلامدانەوەبە"ئەمنیەتی ئیسرائیل" و بنەبركردنی تیرۆریزمەوە، دەستی پی كردو پاشان بەتەرحی ئیصلاحاتی ئەمنی و سیاسی لەئیدارەی فەلەستینییەكان و لابردنی یاسر عەرەفاتەوە بەسترایەوە. ئەمانەش تەنها بۆئەوەیە كە تەوازنی نیوان دەولەتی ئیسرائیل و خەلك وهیزە سیاسییەكان لەچارەسەری كیشەی فەلەستیندا بباتە قوناغیكەوە كە ریگا خۆشكات بۆ داسەپاندنی"دەولەتی پاشكۆ" لەكەنار ئیمپراتۆریەتیكی زایونیستی لەناوچەكەدا، كەنیازە ئەمنی و سیاسییەكانی ئیسرائیل لەپەیوەند بە گشت دەولەتانی عارەبییەوە لەماوەدریژدا مسۆگەر بكات. بەواتایەكی تر بۆرژوازی ئیسرائیل رازییە بە پیكهینانی دەولەتیك بۆ فەلەستینییەكان وەك چارەیەك بۆ كیشەكەیان، بەلام ئەو دەولەتەی ئیستا بۆتە ئامانجی بۆرژوازی ئیسرائیلی، نمونەی ئەو دەولەتە نییە كە كیشەی فەلەستین و ئەمنییەت خەلكی لەناوچەكەدا چارەسەر دەكات، تەنانەت نمونەی ئەو دەولەتە نییە كەنمونەكەی لەپرۆسەی ئاشتی و ریكەوتنەكانی دەورەی دانوسانەكاندا، پیناسە كراوە. ئەمە نمونەی دەولەتیكی دەرەجە دوو ژیردەستەیە كەهەركاتیك ئیسرائیل بخوازی بەخواستی خۆی دەستی تیوەردات، ئەمە كانتۆنیكی ئەمنی و پاشكۆ بەدەولەتی ئیسرائیل وسیاسەتەكانییەتی لەئاست

www.kurdistannet.org

**ناوچەکەدا، حالەتیکی ئاواش نابەرابەری قەومی و کیشمەکیش و پیکدان وەك خوی دەهیلیتەوە، تەنانەت حکومەتی شارۆن ئەگەر لەم ئیستراتیژییەدا، بەدامەزراندنی دەسەلاتیکی محلی پاشکۆ بۆ سیاسەتەکانی خۆی سەرکەوتن بەدەست بهینی و بۆماوەیەکیش ئارامی دابین بکات، بەلام ئەم خەیالە کورت ماوە دەبی، چونکە لەبنەرەتەوە ئەم ئیستراتیژییە لەسەر بناغەی خوین رشتن و لەبەین بردنی مافی یەکسانی فەلەستینییەکان بۆ پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ وخاوەن ماف وصلاحیەتی هاوشیوەی دەولەتانی تر لەئاست ناوچەکەدا، لەبەر چاوگیراوە. حالەتیکی ئامەش ئەوە هەر فەلەستینییەکان نین کەتیا زەرەر مەند دەبن بەلکو ئەوە هاوولاتیانی ئیسرائیلە، کە ئەمنیەت و ئاسایش و ژیانی رۆژانەیان بەئەکیدی دەکەویتە ژیر پرسیارەوە.**

ناوەراستی ئاب/2002



www.kurdistannet.org